## بەپەلە

دراوسێکەمان خەڵکی وڵاتی چین و ماچینە.. منالێکی شەش حەوت ساڵانیان هەیەو ئارەزوی پوول کۆکردنەوەئەکات.. هەرلەیەکەم هەفتەی دراوسێیەتیماندا هات بۆلامان وتی خاڵەئەزانم ئێوەش خەڵکی وڵاتی بن عەرزن و لە کەشکەلانی فەلەک و ئەو دنیاشەوە پۆستی زۆرزو بۆ

تان بۆ دێت، جا تکام وایە بەشکوم پوولەکانیم بۆلێبکەنەوە چونکە تا ئێستا چەند ئەلبومێک پولی وڵاتانم کۆ کردۆتەوەو حەز ئەکەم جێگە پەنجەی ئێوەشی پێوە دیاربێت.. ئێمەش هەموو جارێ پولەکانمان کۆ ئەکردەوەو بۆمان ئەبرد.. پاش ماوەیەک هاتە وەلامان و پێی وتین حەزئەکەم بزانن من لەمەودوا چیتر ئارەزوی پول کۆکردنەوەم نەماوە و ئێستا ئارەزویەکی نوێم هەیەو ئەمەش دیسان بەهۆی پیاوچاکان و خواناسانی خەڵکی شارە حەیاتەکەی ئێوەوە ئەتوانم کۆی بکەمەوە.. ئێمەش وتمان بە سەر چاوی چۆلەکە.. دەبلێ بزانین ئەم ئارەزوە نوێیەت کامەیە..؟! ئەویش بە شەرمێکەوە وتی ئەمەوێ ئەو نازناوانەی تائێستا بەو دەعبایەی ناو ئەنتەرنێت دراون کۆیان بکەمەوە و تۆماریان بکەم، چونکە بەداخەوە ئەوانەی تائێستا کۆم کردونەتەوە زۆر کەمن و لەوە ئەچێ پڕ بە پێستی خۆی نەبێت لەبەر ئەوە چاوەڕوانی بابەتی نوێ ئەکەم و ئەگەر بلێی دانەیەکی تریش ئەزانم بەلاَم ناوێرم بیلێم چونکە دایکم ئەمکوژێت و ئەشزانم ئەمەیان بۆناو کۆمەڵگای ئێوەش زۆرعەیب و عارەو ئێوە خۆتان لەو رایەدان پیاوهەموو شتێک بێت بەس ئەوە نەبێت... ئێمەش وتمان ئەمە لە هەولێر کۆنترەو خۆمان شایەتی حاڵەکەین بەلاَم مادام حەزت لەم بەزمەیە دەبنوسە ( حەپە .! )مناڵەکەش چونکە تابلێی وتو وریایە لەبەر ئەوە خێرا وتی ببورە ئەمەیان ئەبێ رەزامەندی خاوەنماڵەکەمان وەربگرین چونکە لەم خانوەدا سەگ بەخێوکردن قەدەغەیە.. ئێمەش وتمان باشە هەرلەبەرئەوەی بەدەستی بەتاڵ نەڕۆیتەوە بزانە بریاردراوە لەمەو دوا هەرچەند ناوی ئەو دەعبایە هات ئەبێ لەپاڵیا بنوسرێت یاخود بوترێت( ناوم بۆ گوڵێ بردبێ...( !.

**قالە**